گوڤارا ئەکادیمی یا زانکویا نەوروز (المجلة الأكاديمية لجامعة نوروز)، پ.١٣ ژ.١، ٢٠٢٤
حقوق الطبع والنشر ©2017. هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة
المشاع الابداعي النسبي – CC BY-NC-ND 4. 0.
، e-ISSN: 2520-789X
https://doi.org/10.25007/ajnu.v13n1a1834

# کاریگەری دیزاینی وێنەی سەرجلوبەرگ لەسەر گەنجان شاری هەولێر  بە نمونە

پ.ی.د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین، بەشی راگەیاندن، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق
م.ی. سميع مصطفى حسن، بەشی فەلسەفە، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختەی توێژینەوەکە**

بەهۆی ئەو پێشکەوتنەی ئەمرۆ لەبەرەنجامی هۆیەکانی راگەیاندن و پەیوەندیکردن و تەکنەلۆژیاوە سەری هەڵداوە، زانست و زانیاریش وەکو پێداویستییێکی مرۆڤ بەردەوام لە گەشەکردن و پێشکەوتندایە و رۆژانە زاراوەی نوێ و پسپۆری و تایبەتمەندی ورد لەزانستەکاندا سەرهەڵدەدات، یەکێك لەو زانستە نوێیانەش زانست و هونەری ریکلامە کە لە وڵاتانی ئەوروپا لەدوای شۆڕشی پیشەسازی وەکو هونەر و چالاکییەك سەریهەڵداو دواتر لەبواری بازرگانیدا لە دەزگاکانی راگەیاندن بڵاوکرایەوە.

لەقۆناغی ئێستای ژیاندا ریکلام بەیەکێك لە زانستە مرۆییەکان دادەنرێت بۆیەش بەردەوام هەوڵ دەدرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت، چونکە زانستە مرۆییەکان بەردەوام لەگۆڕانکاریدان، ریکلامیش لەو هاوکێشەیە بەدەر نیە، جگە لەوەش وەك ژانەرێکی نوێی بواری راگەیاندن سەیری ریکلام  دەکرێت.

ریکلام پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە لەگەڵ زانستەکانی بازرگانی، بەرەودان، کارگێڕی و راگەیاندن، بۆیە دەمانەوێ لەرێگەی ئەو توێژینەوەی ئەنجامی دەدەین بزانین کەناڵەکانی راگەیاندن چەندە بونەتە هۆکار بۆ بە بازارکردنی ئەو کاڵایانەی ریکلام یان بۆدەکەن.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەری، دیزاین ، ریکلامە هەڵواسراوەکان، کاڵاو بەرهەکان ، هەرێمی کوردستان

## 1- پێشەکی

پێشکەوتن و کرانەوە بەردەوامەی هەرێمی کوردستان لەسەرجەم بوارەکاندا،لەم سۆنگەیەوە پسپۆران لە زانکۆکانی هەرێمی کوردستان توێژینەوەیان لەسەر زۆربەی زۆری بوارەکان کردووە  ئەمەش زیندووی دەبەخشێتە ئەو توێژەی ناو کۆمەڵگە. ریکلامە هەڵواسراوەکان وەك رەنگ و دەنگی کۆمەڵگاو نەتەوەك ئەژمار دەکرێن بۆیە پێداگری لە (دیزاین، رەنگ، وێنەی جوان ....) بکرێت  و کاریگەری ئەو دیزاینەش دەبێت لەگەڵ کلتوری و رازیبوونی بەکارهێنەر بێت و لەناو کاڵاو بەرهەمەکاندا ببینرێن.

ریکلامە هەڵواسراوەکان دەتوانن کەشێکی پڕ لە ئارامی (دەروونی، دروستیی، ئارامی ....) و قۆرغی بازار بکەن و ببنە هۆکارێك بۆ  ئاراستەی کەلتوورو داب و نەریتی هاوڵاتیان.  بۆیە بوونیان و بنیینیان لەو شوێنانەیە کە ژیری و کرانەوەی تێدا دەبنرێت.

## 2-   چوارچێوەی توێژینەوە

### 2-1 کێشەی توێژینەوە

بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدرێت دەبێت کێشەیەکی دیاریکراو لە ئارادا بێت، لەبەرئەوەی لایەنێکی گرنکە لە لایەنەکانی مێژووی زانستی. کاتێك کە توێژەر هەست دەکات گرفت و بابەتێکی گرنگ هەیە کە پێویست بەراڤەکردن و شیکردنەوە دەکات، بەهەوڵدان و کۆششی زۆر کەپشت دەبەستێت بەکتێب و سەرچاوەی زانستی کە بۆ هەر لێکۆڵینەوەیەکی زانستی بەپێویست دەزانرێت و بەکارهێنرێت، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوبابەت و کێشەیە بەشێوەیەکی وورد و بابەتی روونبکاتەوە، توێژینەوە ئەنجام دەدات.

لە توێژینەوە زانستیەکاندا کۆمەڵێك کردەی زانستیانە هەن بەبێ بەسەرکردنەوەیان ئەنجامدانی پرۆژەی توێژینەوەی زانستی ئاکامی باشی نابێت، یەکێك لەم هەنگاوانە هەستکردنە بەبوونی کێشەیەکی دیار، کەوا دەخوازێت توێژینەوەی زانستی لەسەربکرێت. هەروەها بۆ ئەوەی توێژینەوەی زانستی ئەنجام بدرێت دەبێت کێشەیەکی دیاریکراو لە ئارادا بێت لەبەرئەوەی لایەنێکی گرنکە لە لایەنەکانی مێژووی زانستی.

جگە لە هەبوونی کێشەیەکی دیاریکراو، پێویستە توێژەر بۆ دۆزینەوەی چارەسەرکردن، رێگە چارەی تر بەکاربێت، پێویستە هەڵبستێت بەدەستنیشانکردن ودارشتن وشیکارکردنی پێداویستیەکانی توێژینەوەی زانستی و زانینی جۆری توێژینەوەکە و مێژووی توێژینەوەکە و جۆری ئەو ئامرازانەی بەکاردەهێنرێت و سروشتی داتا و زانیارییە پێویستیەکان.

لێرەدا کێشەی ئەم توێژینەوە ئەوەیە کەوا کاریگەری دیزاینی ریکلامە هەڵواسراوەکان تا چەند راستەوخۆو راستەوانە کاردەکاتەسەر ناساندنی کاڵاو بەرهەمەکان لە هەرێمی کوردستان.

ئایا قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زمان تا چەند دیزاینی ریکلامە هەڵواسراوەکان کە لەشاری هەولێردا هەن کاریگەریان هەبووە لەسەریان هەروەها تا چەند باوەڕییان بەو زانیاریانە هەیە کە لەرێگەی ئەو ریکلامانەوە پێیان دەگات. ئەو کێشەیەی کە لەم توێژینەوەیەدا کارم لەسەرکردوە، ئایا ئەو ریکلامانە پێداویستیەکانی ئەوان تێردەکات و پڕدەکاتەوە. لە هەمانکاتدا بنەماو ئەرك و پرەنسیپەکانی ریکلام پەیڕەو دەکەن یان نا. بۆیە ئەم توێژینەوە گەڕانە بەدوای دوزینەوەی ئەو گرفتانەو رێگا چارەسەری پێویست بۆیان.

### 2-2 پرسیارەکانی توێژینەوەکە

1. قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زمان، ئارەزووی کام جۆر لە دیزاینی ریکلام دەکەن؟
2. ئایا قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زمان بۆ چ مەبەستێك سەیری ریکلامە هەڵواسراوەکان دەکەن؟
3. ئایا قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زمان هەست دەکەن ریکلامە هەڵواسراوەکان راستگۆییانە بابەتەکان بڵاودەکەنەوە؟
4. قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زمان تاچەند پێیان باشە ریکلامە بازرگانیەکان لە شوێنە گشتییەکان هەڵبواسریت؟

### 3-2 گرنگی توێژینەوەکە

توێژینەوەی زانستی دەربارەی هەر بوار و بابەتێك بێت،گرنگی و بایەخ و تایبەتمەندی خۆی هەیە، بۆیە توێژەر گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەم خاڵانەدا باس دەکات:

1. ئەم توێژینەوەیە بایەخ دانە بە بۆچوون و ئارەزووەکانی قوتابیان بەرانبەر بە ریکلامە هەڵواسراوەکان.
2. توێژینەوەی تر دەربارەی ریکلام لێرەو لەوێ بەرچاو دەکەوێت بەڵام سەبارەت بە ریکلامە هەڵواسراوەکان زۆر کەم بایەخی پێدراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگییەکی تایبەتی هەیە کەپێشتر بەرادەیەك گرنگی بەو بوارە نەدراوە.
3. ئەو لایەنانەی هەڵدەستن بە ئەنجامدانی دیزاینی ریکلامە هەڵواسراوەکان دەتوانن سود لە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە وەربگرن بۆ ئەوەی ریکلامەکانیان باشترو کاریگەرتر بکەن، کە گرنگیەکی تری ئەم توێژینەوەیەیە.

### 4-2 ئامانجی توێژینەوەکە

هەر توێژینەوەیەك کە ئەنجام دەدرێت بەمەبەستی گەیشتنە بە چەند ئامانجێك بۆیە توێژەر ئامانجی توێژینەوەکەی لەم خاڵانەدا دەخاتە روو:

1. بۆ دەرخستنی گرنگی و کاریگەری دیزاینی ریکلامە هەڵواسراوەکان لە شاری هەولێر.
2. بۆ زانینی مەبەستەکانی ریکلامە هەڵواسراوەکان لە شاری هەولێر.
3. بۆ زانینی بۆچوونی قوتابیان سەبارەت بە ریکلامە هەڵواسراوەکان لەرووی راستگۆییەوە.
4. بۆ زانینی ئەوەی قوتابیانی زانکۆ (سامپڵی توێژینەوەکە) ئارەزووی کام دیزاینی ریکلامی دەکەن.

### 5-2 جۆر و رێبازی توێژینەوە

ئەم توێژینەوەیە دەچێتە چوارچێوەی توێژینەوەیەکی شیکاریە، هەروەها هەموو توێژینەوەیەك رێبازێکی تایبەتی خۆی هەیە، رێبازی ئەم توێژینەوەیەش بریتیە لە رێبازی شیکاری کەلە رێگەی فۆرمی راپرسیەوە دەبێت و یەکێکە لە رێبازە زانستیەکانی توێژینەوەی زانستی.

### 6-2 کۆمەڵگەی توێژینەوەکە

کۆمەڵگەی توێژینەوە تاکەکان یان بابەتەکان یاخود ئەو هونەرانەن کە دەچنە ژێر باری لێکۆڵینەوە.

لەبەرئەوەی ناونیشانی توێژینەوەکە بریتیە لە (کاریگەری دیزاینی ریکلامە هەڵواسراوەکان لەسەر ناساندنی کاڵاو بەرهەمەکان لە هەرێمی کوردستان، قوتابیانی کۆلێژی ئاداب و زمان لە زانکۆی سەلاحەدین بە نمونە)کە توێژینەوەیەکی شیکاریە بۆ سامپڵێك لە قوتابیان لە زانکۆی سەلاحەدین. بۆیە کۆمەڵگای توێژینەوە بریتی دەبێت لە (قوتابیانی زانکۆی سەلاحەدین).

### 7-2 سامپڵی توێژینەوەکە

وەرگرتنی هەموو کۆمەڵگەی توێژینەوە،کارێکی ئەستەمەو ناکرێت هەموویان وەربگیرێت بۆیە دەبێت سامپڵێکی لێ وەربگیرێت،سامپڵی توێژینەوەش بەم شێوەیە دەناسرێت کە: ئەو بەشەیە لەکۆمەڵگە کە هەڵبژاردنەکەی بەپێی یاسا و رێبازی زانستی دەبێت،بەجۆرێك نوێنەرایەتی راستی کۆمەڵگە بکات. سامپڵی توێژینەوەکەش سامپڵێکی هەرەمەکی رێکخراوە، کە بریتیە لە قوتابیانی هەردوو کۆلێژی ئاداب و زمان سامپڵێکی لێ وەرگیراوە کەپەیوەندی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە. سامپڵی توێژینەوەکەش بریتی دەبێت لە دابەشکردنی (150) فۆڕمی راپرسی بەسەر قوتابیانی هەردوو کۆلێژ.

### 8-2 رێبازی توێژینەوەکە

مەبەست لە رێبازی توێژینەوە دیاریکردنی ئەو میتۆدەیە کە توێژەر پەیڕەوی دەکات بۆ دۆزینەوەی چارەسەری بۆ کێشەی توێژینەوەکەی و گەیشتنی توێژەر بە ئامانجەکانی کە لە توێژینەوەکە دیاریکردوە هەروەها ئەو ریگەیەیە کە توێژەر بۆ نوسینەوەی توێژینەوەکەی بەکاری دەهێنێت. (بدوی، 2008: 5)، بۆیە بۆ ئەم توێژینەوە میتۆدی وەصفی شیکاری بەکارهاتووە.

### 9-2 توێژینەوەکانی پێشوو

1- تێزی دکتۆرای (ظاهر حمدأمين صابر) لە کۆلێژی ئاداب – بەشی راگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین بەناونیشانی (رێکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و رۆڵی لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ) 2022.

2- توێژینەوەی (پەروا عمر محمود) و (هەردەوان محمود کاکەشێخ) لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین بڵاویان کردۆتەوە، بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان 2021.

3- ماستەرنامەی (نەوشیروان فرج احمد) لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، بە ناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بازاڕگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن) ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجامدراوە و توێژینەوەکە بڵاو نەکراوەتەوە 2021.

4- تێزی دکتۆرای (ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین) لە کۆلێژی ئاداب - بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین، بە ناونیشانی (کاریگەری نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەسەر خوێنەران توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە، ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا ئەنجامدراوە و توێژینەوەکە بڵاو نەکراوەتەوە 2018.

## 3- لایەنی تیۆری توێژینەوە

### 1-3: چەمك و پێناسەکان

**چەمکی دیزاین:**

دیزاین وشەیەکی ئینگلیزییە بە واتای دەستکردن بە کارێك و تەواوکردنی، بەبێ فەرامۆشکردنی لایەنی هونەری. ئەمە پێناسەیەکی گشتییە، بەڵام لە ڕاستیدا دیزاین هەموو شتێك لەنێوان زەوی و ئاسمان دەگرێتە خۆی بۆ نمونە جلوبەرگ، جۆری دووربینی، هەڵبژاردنی کاڵا، ڕەنگی کاڵا. بۆ دروستکردنی کەرەستەی ماڵەوە، قەبارە، ڕەنگ، هەڵبژاردنی خام، چۆنیەتی دروستکردنی. لەخۆی دەگرێت. (حەمەئەمین،2018 : 56)

**چەمکی ریکلام :**

دروستبوون و پێکهاتنی هەر چەمکێك بەندە بەو پیشە یان دیاردە یان بوونەی چەمکەکەی بۆ هەڵدەبژێردرێ. لەبنەڕەتدا وشەی ریکلام (reclaim) وشەیێکی فەرەنسیە کە بەواتای هاوارکردن دێت، لەزمانی عەرەبیشدا وشەی (اعلان) و لەهەندێ شوێنیش وشەی (اشهار) بەکاردەهێنرێت، لەزمانی ئینگلیزدا زاراوەی advertising ی بۆ بەکارهاتوە کە لە بنچینەی وشەی advert هوە وەرگیراوە ،ئەم بەکارهێنانەش بواتای سەرنج ڕاکێشانی بەرامبەرياخود کەسێسك بۆ شتێکی دیاریکراو دێت. (حەمەد،2013 :11)

ریکلام بەشێوەیەکی گشتی، ئارەزوو (خواست) و جولەی بەکارهێنەر دروست و زیاد دەکات، بەمەبەستی قازانج، بەتایبەتی سوودی بازرگانی. (مەولود، 2019: 13)

لەزمانی کوردیدا چەندین وشەی ڕەسەن و پەتی هەن وەك (ئاگاداری، بانگەشە، بانگەواز، ئاگانامە، جاڕدان، جاڕنامە، داخۆیان ،..... هتد)مان هەیەکەچی لێرەدا زیاتر وشەی ریکلام بەسەر تاکەکانی کۆمەڵگەو دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە چەسپاوەو زاڵە. (العادلی ،2004: 76)

بەکارهێنانی ئەو چەمکە بەپێی وڵات و ناوچە دەگۆڕێ، ئەمەش وایکردووە کۆمەڵێك چەمك بۆ ریکلام بەکاربێ، بەڵام لەناوەرۆکدا هەموویان هاو واتان (ئەمەش گوزارشتە لەدەوڵەمەندی ئەو چەمکە بەوەی هەر وڵاتە و لەگەڵ زمانەکەی خۆی گونجاندوویەتی و بەکاری دەهێنێ) (منديل، 1973: 213)

هەندێك لەو وشانەی فۆرمێکی جیهانیان وەرگرتووە و لەسەر ئاستی جیهان بەکاردێن و هەندێکیشیان بەکارهێنانیان کەمترە.لەگەڵ فراوانبوونی مەودای کارکردن لەبواری ریکلام، ئەو چەمکە فراوانتر بووە و بۆ بەشەکان دابەشکراوە لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنەکان.

**پێناسەی ریکلام**

پێناسە بۆ دیاری کردنی جۆری کردەکەو پێکهاتەکانی بەم جۆرە هەموو لێکۆڵەرەوە وەك بەکارهێنەرێك دەتوانێ ئامانج و بەرنامەو پلان و ئامانج کە لە پێناسەی ریکلام بەبەشێك دادەنێ لەبەینی خۆیی ئەو بیر و ڕاو کردارانەی گەیاندنی تر کە هەیە بۆئەوەی لێك جیابکرێنەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەشێوەیەکی کاراو ڕێکوپێك ریکلام خۆی دەربخات بۆ هەر چالاکییەك.

ریکلام دادەنرێ بەیەکێ لەچالاکییە سەرەکییەکان لەبواری بازاڕگەری کاڵاو خزمەتگوزاریەکان وە گرنگیەکی زۆری هەیە لەسایەی ئەو پێشکەوتنە خێرایەی کە لەبواری گەیاندنەوە هەیە پاش ئەوەی ئەو کارانەی لەسەر شانیەتی هەمە جۆرن لەبواری بازرگانی و رامیاری خزمەتگوزاریەوە وە زۆر شتی تر.

ئەو پێناسەی لەفەرمانگەی مەعاریفی فەرەنسی هاتوە کەباسی ریکلام دەکات و دەڵێت (ریکلام پێکهاتوە لەکۆمەڵێك هۆکار بەکاردێت بۆ پێناسەی جەماوەر بە پێگەیێکی بازرانی و پیشەسازی وە تواناى بروا پێهێنانیان بەوەی کە بەروبومەکانیان باش و هەرزانن بەپیشاندانی بەشێوەیێکی وا کەخەڵك رابکێشێ بە کڕینیان و بەکارهێنانیان. (حسن، 2011 : 32)

لەو پێناسەیە چەند لایەنێکی جیاواز لەیەکترمان بۆ دەخاتەروو کە خۆیان لە ناساندنی جەماوەر و هەرزانی و بەبازارکردن دەبینەوە، ئەمەش گوزارشتە لەوەی کە ریکلام کردن بۆ کاڵا بەبازاڕکردنی کاڵاکە لەبەرچاو دەگرێت. محمد عليان پێناسەی ریکلام بەجۆرە دەکات کە دەڵێ (ریکلام چالاکییەکە پەیوەندی پێوەکردنی تاکەکەسی نیە، بەڵکو لەرێگەی هۆکارەکانی گەیاندن لەبەرامبەر برێك پارەدا زانیاریەکان لەسەر کاڵاکە ئاراستەی بەکاربەر دەکەن بۆئەوەی کاریگەری لەسەر وەرر بەجێبێلێت) (العبدلی،1993: 19)

ریکلامی بازرگانی، هەمیشە بەشوێن پەیداکردن و زیادبوونی بەکارهێنانی بەرهەم و خزمەتگوزارییەکاندا دەگەڕێت، لە ڕێگەی نیشانەکردن (Branding) بە دووبارەکردنەوەو دووپاتکردنەوەی وێنە یان ناوی بەرهەمەکە و کوالیتی دان بە کاڵاکان و کاریگەری دروستکردن بۆ فرۆشتەنی لە بیروهۆشی بەکارهێنەران یان بەکاربەراندا. (مەولود، 2019 : 14)

**لەرووی مێژوویەوە دەرکەوتنی ریکلام**

ریکلام شتێکی تازە نیە بەڵکو مێژوی دەرکەوتنی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمە کۆنەکان، ریکلام لە هەر قۆناغێك لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی گوزارشتی لەوقۆناغە کردووە کەتیایدا بووە،بەهەموو گۆڕانکارییە ژینگەیی و رۆشنبیری و شارستانیەکان.

لەسەدە کۆنەکاندا ریکلام رۆڵی ئەو نەخشانەی ئەگێرا کەلە هەرەمەکان و پەرستگاکان هەبوون بۆ دەرخستنی مێژووی کۆنی شارستانیەکانی پێشوو بەهەموو دابونەریتەکانیانەوە.

قۆناغی یەکەم لەمێژووی کۆن جاڕدان و ئاماژە و هێماکان رێگایەکی کاریگەر بوون بۆ گەشتن بەزۆرترین رێژەی جەماوەر،هەروەها جارچییەکان ئەورێگەیەی کە ریکلامیان پێ ئەکرد هەمان ئەو رێگەیەبوو کەبۆ گەیاندنی هەواڵەکانی دەوڵەت بەکاریان دەهێنا،یاخودبۆ گەشتنی کەشتیەکان و کەلوپەلەکانیان لەبازاڕدا بەکاریان ئەهێنا،هەروەها لەڕووی دەرەوەی شوێنە بازرگانیەکان ئاماژەو هێمایان دادەنا بۆ دەرخستنی جۆری بازرگانیەکەیان یان ئەوخزمەتگوازریەی پێشکەشیان دەکرد بۆ ئەوەی جەماوەر بەئاسانی کاڵاکانیان بناسن و سەرنجیان رابکێشن بۆنمونە کاسەیەك کەماریکی تێ ئاڵاوە نیشانەیە بۆ دەرمانخانە،هەروەها پێڵاوی دار وەك ئاماژەیەك وابوو بۆ پینەدۆز و شوێنی دروسکردنی پێڵاو.

کۆمەڵەی بازارگەری ئەمریکی پێناسەی ریکلام دەکات و پێیوایە ریکلام پێکهاتوە لە هۆکارێکی جەماوەری بۆ پێشکەش بیروڕاو پێهەڵگوتنی بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەهۆکاری شوێنێکی دیاری کراو بەرامبەر کرێیەکی دیاریکراو. (Bernard، 1995: 6)

مێژوی ریکلام دەگەڕێتەوە بۆ چەند هەزار ساڵێك بەر لەئێستا کە ناوەرۆکەکەی بەشێوەی جاردان بووە:

1- فەرمانە رەسمییەکان.
2- بڕیارەکانی دادگا.
3- هەواڵی لەدایکبوون و هاوسەرگیری و مردن . (العالم، 1998: 37)
4- بانگکردن کۆنترین جۆری ریکلامە کاتێك ئیغریقیەکان بۆ سەرنج راکێشانی بەکاربەر بۆ شتومەکەکانیان بەکاریانهێناوە، ریکلام کردن بەوجۆرە تا سەدەی شازدەهەم درێژەی کێشا و لەسەرەتای سەدەی شازدەهەم برێك پێشکەوتنی بەخۆوەدیت، ریکلام لەلایەن پیاوانی ئاینی و سیاسی بەکارهاتوە ئەویش بۆ ئاگادار کردنەوەی دانیشتوان، دیارترین نمونە کەتاوەکو ئێستا وەك بەڵگەی ریکلام مابێتەوە نوسینەکانی حامورابی و باخچە هەڵواسراوەکانی بابلی عێراقە . (ل ماکفیل:و. هەندرین، 2012: 387)
5- میسریەکۆنەکان هەڵدەستان بەبەکرێ گرتنی کەسێك کە بانگەوازو ریکلام بۆ کاڵاکانیان لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بکات، ئەم جۆرە ریکلام ە بەردەوامی هەبوو تاوای لێهات لەسەدەی بیستەم لە ئەوروپا بەشێوەیێکی بەرفراوان پەرە بستێنی ،ئەمانەش بازرگانەکان بەکرێیان دەگرتن تا کرپار بەدەوری خۆیان کۆبکەنەوەو نرخی کاڵاکانیانیان پێڕابگەیێنن. (عجوز، 2006 :44)

**2-3 : قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ریکلام**

**یەکەم: قۆناغەکانی سەرهەڵدان**

1- قۆناغی پێش دەرکەوتنی چاپ: لەم قۆناغەدا بەهۆی دواکەوتوویی و نەزانینی نوسین و خوێندنەوە رێگای خۆش کردووە بۆ بەکارهێنانی نەخش و جاڕدان و ئاماژە و هێماکان بۆ گەیاندنی پەیامی ریکلام.
2- قۆناغی دەرکەوتنی چاپ: کەبووە هۆی پێشکەوتنی ریکلام و توانایەکی گەورەی خستە بەردەم ریکلام بۆ پەیوەندی کردن بەژمارەیەکی زۆری جەماوەرەوە، هەروەها تەنیا لە سنوری ناوچەیەك دا نەمایەوە،ئەمەش بووە هۆکارێك بۆ بڵاوبونەوەی زانست و دەرکەوەنی رۆژنامە و گۆڤارەکان بەشێوەیەکی فراوان. (العبدلی، العبدلی، 1996: 16) قۆناغی شۆڕشی پیشەسازی: کەبەهۆیەوە گرنگی ریکلام زیادی کرد و هەروەها بەهۆی زیادبوونی رێژەی بەرهەمهێنان لەڕووی قەبارە و ژمارەوە و زیادبوونی رکابەرەکان،ریکلامی کردە پێویستیەك بۆ ژیانی ئابوری و یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکان بۆ بەرهەمهێن و دابەشکەر و بەکاربەر. (أبورستم، أبو جمعە،2003: 11)
3- قۆناغی پێشکەوتنی هۆکارەکانی گەیاندن و پەیوەندی و زانیاری و هونەر و دەرکەوتنی داهێنانی نوێ: کەتیایدا ریکلام بڵاوبووەوە وپێشکەوت وەك لە ئامرازەکانی ریکلامکردن و ئاستی رێکخستن و دیزاین کردن و دەرهێنانی ریکلام دا دیارە.
4- قۆناغی فروان بوون و زیادبوونی پەیوەندی نێوان ریکلام و زانستەکانی تر:وەك پەیوەنی ریکلام بەزانستی دەرونزانی و کۆمەڵایەتی و بیرکاری.
5- لێرەدا ریکلام دەستی کرد بە دانانی بنەما و شێوازی کارکردن و دۆزینەوەی رێگایەك بۆ پەیوەندی کردن بەلقەکانی تری زانستەوە بۆ ئەوەی خۆی بسەلمێنێت وەك چالاکیەکی جیاواز. (الغالبی و العسکری، 2006: 16 -17)

**دووەم: گەشەكردنی ریكلام**

**گرنگترین هۆكارەكانی گەشەسەندی ریكلام** (نصرالدین، 2011: 12)

1. بڵاوبونەوە و زۆربوونی خوێندەواری: لەئەنجامی دۆزینەوەی چاپخانەو چاپكردنی كتێب وبڵاوكراوەكان بووە هۆی بەرزبوونەوەی رێژەی خوێندەواری،ئەمەش بووە هۆی ئاسانكردنی خوێندنەوە و تێگەیشتنی ناوەڕۆكی ریكلامەكان.
2. گەشەكردن و فراوان بوونی تۆڕەكانی پەیوەندی كردن: ئامرازەكانی گواستنەوە و پەیوەندی كردن یارمەتیدەرێكی باش بوو لەگواستنەوەی شمەك و كاڵاكان لەشوێنێكەوە بۆ شێنێكی تر لەناوەندی شارەكاندا،ئەم گەشەكردنە یارمەتی ئەوەی دا كەشمەك و كاڵاكان لە پانتایەكای فراوانی جوگرافیدا بڵاوبێتەوە،لەو رووەشەوە ریكلام رۆڵێكی گەورەی بینی لەپێشكەشكردنی زانیاری لەسەر ئەو شمەك و كاڵایانە بۆ بەكارهێنەر.
3. زۆربوونی قەبارەی بەرهەم: زۆر بوونی تێكڕای بەرهەمهێنان و بەرزبوونەوەی ئاستی بەرهەمهینان بووە هۆی زۆربوونی بڕی فرۆشتن، بۆ ڕزگاربوون لەوبڕە زۆرەی بەرهەم لە رووی بڕو جۆر و ماركەی تازەوە،بەهۆی ئەوەی كۆمەڵگای مرۆڤایەتی چووە قۆناغی شۆڕشی پیشەسازیەوە،وای كرد پەنابرێتە بەر بەكارهێنانی ریكلام بەشێوەیەكی فراوان بۆ ناساندنی بەرهەمە تازەكان، هەروەها ناسینی بازاڕی تازە لەپێناوی ساغكردنەوەی ئەو بەرهەمانە،لەو روانگەیەوە ریكلام بووە هێزێكی سەرەكی بۆهاندان لەسەر ئەو بەرهەمە تازانە.
4. بەرزبونەوەی داهاتی تاك و كۆمەڵ:دوای ئەو زیادبوونەی لە ئاستی بەرهەم و بڕی فرۆشتندا دەركەوت و ئەوپێشكەوتنەی پیشەسازی لە رووی تەكنەلۆژیەوە بەخۆیەوە بینی، هەروەها كەمبوونەوەی تێچوونی بەرهەمهێنانی شمەك و پێشكەش كردنی خزمەتگوزاریەكان و كەمبونەوەی نرخ هاتە ئاراوە بووە هۆی بەرزبونەوەی داهاتی تاكەكەس،ئەمەش وای لەتاك كرد ئارەزووی خواست لەلایان زیاد بێت بۆ بەكارهێنان، هەروەها رەزامەندیان لەسەر كڕین و زۆربوونی خواست، ئەمەش وای لەبەرهەمهێنەران كرد كەهەوڵی بەدەستهێنانی زۆرترین بەش بدەن لەوخواستەی بەكارهێنەر.لێرەوە دیاردەی كێبڕكێ لەنێوان بەرهەمهێنەراندا سەری هەڵدا لەڕێگەی چالاكی ریكلامەوە، ئەم گۆڕانكاریە وای لەبەرهەمهێنەران كرد كە پێشنیار بۆ هاوڵاتیان بكەن لەبارەی چۆنیەتی پاشەكەوت كردنی ئەوپارە زیادەی هەیانە،ئەمەش بەمەستی بەدەستهێنانی زۆرترین متمانەی بەكارهێنەران بەمەستی بڕواپێهێنان بۆ كڕینی جۆرێكی دیاریكراو لەو كاڵایانە.
5. گەشەكردنی ئاژانسەكانی ریكلام: سەرهەڵدانی ئاژانسەكانی ریكلام و پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریەكانیان لەسەرجەم بوارە جیاوازەكاندا وەك پلاندان و جێبەجێكردنی هەڵمەتە ریكلامیەكان یان چۆنیەتی هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاوی ریكلام كردن، ئاژانسەكان هەستان بە ناساندنی گرنگیەكانی ریكلام، فرۆشیارەكان وەك ئامرازێك بۆ گەورەكردن و زیادكردنی فرۆشتن و قازانج، هەروەها بەدەستهێنانی دەرفەتی زیاتر بۆ داهێنان و بەرزكردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ریكلام،هەروەها كەسانی تایبەتمەند لە نوسەر و هەڵبڕ و جێبەجێكار، یارمەتی دەربوون لە بەرزبوونەوەی خواست و گرنگی و پێویستی ریكلام بۆ بەرهەمێنەران لەسەرجەم بوارە جیاوازەكاندا.
6. سەرهەڵدان و بڵاوبونەوەی دیاردەی بازاڕی گەورە (سوپەرماركێت): ئەو فرۆشگایانەی كەلەشوێنی خۆیان زیاتر لە جۆری شمەك و بەرهەمی زیاتر لە كۆمپانیایەك دەفرۆشن و خزمەتگوزاری پێشكەش دەكەن، پێویستی بە ریكلام زیاترە،بەتایبەتی ئەو شوێنانەی زۆرترین بەكارهێنەر رووی تێدەكەن، ریكلام شێوازێكی پێویستە بۆ پەیوەندی كردن بەبەكارهێنەران و پێدانی زانیاری پێویست دەربارەی ئەو شمەكانەی دەست دەكەوێت لەڕێگەی ئامرازەكانی پەیوەندی كردنەوە كەبانگەشی شمەكەكان دەكات و بەكارهێنەر هاندەدات بۆ كڕینی.
7. دووری نێوان بەرهەمهێن و بەكارهێنەر: بەهۆی ئەو دووریەی لەنێوان بەرهەمهێن و بەكارهێنەردا هەبووە، هەروەها بەهۆی بوونی فرۆشیاری تاك و كۆ بەرهەمهێن هەوڵی پڕكردنەوەی ئەو بۆشاییەی داوە لەڕێگەی ریكلامەوە كەلەنێوان خۆی و بەكارهێنەردا هەبوو.

**سێیەم: ئامانجەكانی ریكلام**


ئامانجی یەكەمی ریكلام كردن باوەڕپێهێنانی ئەوپەیامەیە كە هەڵی گرتووە،لەڕیگەی ئەوئامانجەوە ئامانجەكانی تر دێتەدێ،وەدەتوانرێت بوترێت كەریكلام ئامانجەكانی خۆی دێنێتە دی وەكو كردارێكی پەیوەندی بازارگەرایی لەڕێگەی چوار قۆناغ كە ئەمانەی خوارەوەن: (عجوه و اخرون،1991: 95-96)

1- قۆناغی هۆشیاركردنەوە:واتە دەبێت جەماوەر هۆشیار بكرێتەوە لە جۆری كاڵایان خزمەتگوزاریەكان، وەك ئەوەی كە پێشكەشیان دەكرێن.

2- قۆناغی تێگەیشتن: واتە جەماوەر دەبێت لەجۆری ئەو كەلوپەل یان خزمەتگوزاریانە تێبگات كەپێشكەشیان دەكرێن.

3- قۆناغی باوەڕپێهێنان: لەم قۆناغەدا دەبێت جەماوەر بگەیەنرێتە ئەو باوەڕەی كە كەلوپەلەكە بكرێت.

4- قۆناغی رەفتار كردن: بەومانایە دێت كە جەماوەر بەشێوەیەكی كرداری روو لەكڕینی كاڵاكە بكەن. (العدلی، 2004 : 166).




هێلکاری (1) پەیکەری ئامانجەکانی ریکلام

**چوارەم: پرۆسەی ریکلامکردن**

ریکلام، لەسەرەتاوە تا کۆتایی پرۆسەکەی بەچەند هەنگاوێکدا دەڕوات، کە پێویستە ئەو هەنگاوانە بەگوێرەی پلەو پایەیان ڕێکبخرێن و بەچەند هەنگاوێک وا لە بەکارهێنەران و کڕیارەکان بکات، تا لەرێگەی ریکلام بۆ کڕدن کاڵاکان بکرن. لە هەنگاوە سەرەکییەکانی پرۆسەی ریکلامکردن بریتیە لە:-

١-بەئاگاهێنان یان هۆشیارکردنەوە: یەکەمین هەنگاوی پرۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە بەئاگاهێنانی وەرگر لەو بابەت و کاڵایەی کە هەیە، ئینجا ئەو بەئاگاهێنانە، بۆ ئەوە بێت کە کاڵاو بابەتێکی نوێ یان هەرزان یان پێویست، بوونی هەیەو وەرگر و بەکاربەر لێی بەئاگا دەهێندرێت.

٢- زانین یان شارەزایی و تێگەیشتن: دووەمین هەنگاوی پرۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە زانین و شارەزابوونی وەرگر لە و بابەت و کاڵاو کەرەستەیەی کە ریکلامی بۆ دەکرێت، ئینجا لە روانگەی تازەیی بێت یان هەرزانی و پێویستی بوون بێت.

٣- ویستن یاخود مەیل لێ بوون و بەدڵ بوون و بەلاوە باش بوون: سێیەمین هەنگاوی پرۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە ویستن و مەیل لێ بوون و بەدڵ بوون، کە لەم هەنگاوەدا ریکلام دەخوازێت و حەزی ویستن و مەیل لێ بوون و بەدڵ بوون، لە مێشک و دڵی وەرگر یان بەکاربەر دروست بکات.

٤- زیاتر ویستن یاخود زیاتر بەلاوە باشتربوون: چوارەمین هەنگاوی پرۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە زیاتر ویستن و زیاتر بەلاوە باشتربوون، کە لەرێگەی ئیفێکت و کاریگەری دەنگی و رەنگی و جوڵە و تێکست و هونەرکارییەکان، وا لەوەرگرو بەکاربەر بگەیندرێت، کە زۆر پێویستی بەو کاڵایە هەیە یاخود ئەو بابەت و کاڵایە زۆر هەرزانە، یاخود کاڵاکە نوێیە، بۆیە زۆر گرنگە وەرگر دەستی بکاتێ و بیکرێت.

٥- قایلکردن: پێنجەمین هەنگاوی پرۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە قایلکردن و رازیکردنی وەرگر یاخود بەکاربەر، تاوەکو ئەو بابەت و کاڵایانە ساغ بکرێنەوە یان بفرۆشرێن و رەواج پەیدا بکەن، بۆیە لەم هەنگاوەدا هەموو رێگا تەکنیکی و هونەرییەکان، بۆ رازیکردنی وەرگر بەکاردەهێندرێت.

٦-کڕین: شەشەمین هەنگاوی پرۆسەی ریکلامکردن، بریتیە لە (کڕین)، کاتێک وەرگر رازی دەکرێت، کە ئەو بەرهەمە یاخود بابەت و کاڵایە زۆر پێویستێتی و گرنگە، ئینجا دەبێت، هەموو ئەو رێ و شوێنە ئاسان و جیاوازانە پێشان بدرێت و بووترێت، تاوەکو وەرگر بیکرێت، چونکە ئەگەر هەنگاوی شەشەم کە (کڕین)ە، فەرامۆش کرا، ئەوە هەموو هەنگاوەکانی تر بایەخیان نابێت.

بەڵام بەگشتی لە پرۆسەی ریکلامکردن، پێویستە هەموو ئەو هەنگاوانە بە ووردی لێک بدرێتەوەو چێ بەجێ بکرێت، هەڵەو کەم تەرخەمی و فەرامۆش کردن لەهەر هەنگاوێک، گرفت بۆ ئەنجامی ریکلامکردنەکەو کۆمپانیاو بەکاربەرو بازارکردنەکە دروست دەبێت. (مەولود، 2019: 15-16)

**پێنجەم: جۆرەکانی وێنە لە ریکلامدا**

جۆری وێنە زۆرن لە ریکلامدا، لەدیارترینیان ئەمانەن: (صفوان، 2010، ص160-161) (حەمەئەمین، 2018: 271)

1- وێنەی كاڵاكە یاخود بەشێكی: سادەترین جۆری وێنەگرتنی كاڵاكەیە، وێنەگرتی ئەو كاڵایەی كە بەركاربەر لە داهاتوویەكی نزیكدا دەیكرێت، ئەو وێنەگرتنەش دەكرێت لە گۆشەی جیاجیا بێت بەو مەبەستەی، كاڵاكە رەگەزی دەرخستنی پێببەخشرێت تاكو ببێتە مایەی بایەخی بینەر یاخود خوێنەر.

2- وێنەی كۆمەڵێك كاڵا: شێوازێكی وێنەگرتنە كە بریكارو دابەشكارەكانی هەمەجۆرەكانی كاڵا پەنای بۆ دەبەن، ئامانجی ریكلامكار لەم حاڵەتەدا رۆشنایای دەخاتەسەر جۆرەكانی بەرهەمەكانی، واتە ریكلامكار ئامانجی ئەوە نییە كە رۆشنایی بخاتەسەر یەك كاڵا بەتەنها، بەڵكو بۆ كۆمەڵێكی هەمەچەشنی كاڵایە.

3- وێنەی كاڵاكە پێش بەكارهێنان: ئەم شێوازە وێنەی كاڵاكە لە قۆناغەكانی بەرهەمهێنانیدا دەگرێت، بەئامانجی نیشاندانی پێكهاتەكانی.

4- وێنەی كاڵاكە ئامادەیە بۆ بەكارهێنان: نمایشكردنی كاڵاكە بەتەنها رەگەزێكی لاوازە بۆ ئەوەی كاریگەری لەسەر دیدی بەركاربەری چاوەڕوانكراو هەبێت. بۆیە هەندێ لە ریكلامكارەكان بەئەنقەست كەشێكی دیاریكراو دروستدەكەن لە كاریگەری و نمایشی كاڵاكە، لەو ریگەی كە ئامادەیە بۆ بەكارهێنان، ئەم شێوازەش بە سەركەوتووی لە ریكلامكردن بۆ بابەتە خۆراكیەكان دەكرێت، چونكە نمایشكردنی ئەو كاڵایەی كە ئامادەكراوە بۆ خواردن، جیاوازی كاریگەری هەیە لەگەڵ نمایشكردنی كاڵای خواردن لە رواڵەتی یەكەمیدا.

5- وێنەی كاڵاكە لەكاتی بەكارهێنان: دەكرێت زیندویی و جوڵەش بۆ ریكلامەكە زیادبكرێت، بەوەش بە دانانی كاڵاكە لەكاتی بەكارهێنانی بۆ زیادكردنی پلەی سەرنجڕاكێشی بەكاربەری چاوەڕوانكراو بۆ ریكلامەكە، زۆرێك لە كاڵاكانی ریكلام-بۆكراو كاریگەری زیاتر دەبێت ئەگەر لەكاتی بەكارهێنانی وێنەی بەكاربەری پێوە بێت.

6- وێنەی دەرئەنجامی بەكارهێنانی كاڵاكە: لەم شێوازەدا رۆشنایی دەخرێتەسەر سودە یەك لەدوای یەكەكان لە دوای بەكارهێنانی، لەم حاڵەتدا بەكاربەر هێندە بایەخ بە كاڵاكە نادات، ئەوەندەی بایەخ بەسودی بەكارهێنانەكەی دەدات، ژنان ئەوەندە بایەخ بە پۆترەی جوانكاری نادات وەكو پێكهاتە، بەقەدەر ئەوەی كە ئایا ئەو پۆترەیە وای لێدەكات كە لەناو خەڵكدا زیاتر جوان و سەرنجڕاكێش دەربكەوێت.

7- وێنەی دەرئەنجامی بەكارنەهێنانی كاڵاكە: بەم جۆرە دەگوترێت (شێوازی نەرێنی) لە بیرۆكەی پەیامی ریكلامەكە ترس و هۆشداری نمایشدەكرێت لە بەكارنەهێنانی، ئەو زەرەرانە چین كە بەرۆكی بەكاربەر دەگرێت لە بەكارنەهێنانی كاڵاكەدا.

8- وێنەی گەواهیدەر: بەكارهێنانی كەسایەتیەكی ناسراو و خۆشەویست لەلای خەڵكی كاریگەری دەبێت بۆ بڕواپێهێنانی كاڵاكە، وێنەی كەسایەتیەكە دەگیرێت كە كاڵاكەی بەدەستەوەیە، یان بەكاردێنێت. تەنها بۆ بڕواپێهێنانی بەكاربەرو كڕینیەتی.

**شەشەم: جۆرەكانی ریكلام**

ریكلامەكان جۆریان زۆرە بەڵام بەشێوەیەكی گشتی دەتواندرێت لە چەند جۆرێكدا كۆیان بكەینەوە پۆلێنیان بكەین، بۆیە جۆرەكانی ریكلام بریتیە لە:- (مەولود، 2019: 28-29)

١-ریكلامی پەروەردەیی: یەكێك لە جۆرەكانی ریكلام، هاوكات لەگەڵ مەبەستی بازرگانی، مەبەستی زانستی و پەروەردەیی هەیەو وەرگر لەدەست گەیشتنی بەو بابەت و كاڵایانە، سوودی زانستی و پەروەردەیی پێ دەگات.

٢- ریكلامی رێنویی و ئاراستەكردن:- جۆرێكی تری ریكلام، وا دەردەكەوێت كە مەبەستی ئاراستەكردن و ئامۆژگاریكردن و رێ نوێنیكردنە، بۆ نمونە لە بواری تەندروستی، لەبواری ژینگە، لەبواری كۆمەلایەتی، لەبواری خۆپاراستن...هتد.

٣- ریكلامی كێ برکێ: هەندێک ریكلام، هەر هەمان كاڵاو كەرەستەو بابەتن، كە لە شوێنی ترو لە كەناڵی تر، ریكلامیان بۆ دەكرێت، بەڵام بەمەبەستی بەزیندویی مانەوەی كۆمپانیاكان و بەرەودان بەو كەرەستەو كاڵایانە پێشبركێ دروست دەكەن، بەشێوەیەک بەراوردكاری كوالیتی و خاسیەتی تری بابەتەكە دەردەخەن، كە ئەمە زیاتر بۆ ئەوەی ئەو كێ برکێیە بەردەوامی هەبێت و كۆمپانیاو كاڵاكان و پڕ فرۆشیان نەكەوێت.

٤- ریكلامی بەبیرهێنانەوە:- لەم جۆرە ریكلامانەدا، لە پێشتردا ریكلامێک ئەنجام دراوە یان خەڵک بەو بات و كاڵایە ئاشنایەتی هەیە، بۆیە كۆمپانیاكان ریكلامێک دروست دەكەن و بڵاویدەكەنەوە، تاوەكو وەرگر بەبیری بێنەوە، كە كەرەستەیەكی ناوازەو پێویست هەیە، تاوەكو لە دواجار ئامانجی كڕین و فرۆشتنەكە بەردەوام و زیاتر بێت.

٥- ریكلامی تەشویقی:- یەكێک لە جۆرەكانی تری ریكلام، بۆ كات بەسەربردن و پشودان بە مێشكە، تاوەكو بەرهەمێكی تری میدیای لەو ریگەیەوە ببیندرێت. بۆ نمونە لەنێوان برگەی پرۆگرام و فلمەكاندا، یان لەنێو لاپەرەی گۆڤارو رۆژنامەكاندا.

٦- ریكلامی بۆنەكان: جۆرێكی تری ریكلام، لە بۆنەكان دەردەكەون، وەكو لە بۆنە كۆمەلایەتی و سیاسی و ئاینییەكان، هەڵمەتەكانی هەڵبژاردن، یادو بۆنە ساڵانەییەكان...هتد.

٧- ریكلامی (هەواڵ) ی: ئەم جۆرە ریكلامانە ناوەرۆكێكی (هەواڵ)یان لەخۆ گرتووە، بەبینین و سەیركردنیان، زانیاری نوێیان دەست دەكەوێت كەلەمەوبەر نەبیندراو بێت و نەبیستراو نەزاندراو بووبێت.

**حەوتەم: شێوازەكانی دانانی ریكلامە هەڵواسراوەكان (مەولود، 2019: 125-131)**

**ریكلامی رووناكی شار:** ریكلامی رووناكی شار(City Light)، هەروەها (Raket)ی پێ دەوترێت. لەهەرێمی كوردستان هەردوو كۆمپانیای (G.E.E) بۆ ریكلام و كۆمپانیای(SSHC) بۆ ریكلام، ئەو شێوە ریكلامانە بەكاردەهێنن.

**ریكلامی شێوەی لوولەكی:** بەشێوەی لولەیی دادەنرێت لە شوێنە گشتی و تایبەتەكاندا.

**ریکلامی سەر تەنکی ئاو :** شێوەیەکی تری ریکلام، دەرکەوتنی بەشێوازەی جیاوازو بەدیزاینی جیاواز لەسەر تەنکییەکانی ئاودا. ئەم شێوەی ریکلامە لەهەرێمی کوردستان هەیەو هەنگاوی بۆندراوە.

**ریکلامی سەر بورج:** ریکلام لەشێوەی بورج یان تاوەر، لەهەرێمی کوردستان ئەو جۆرە ریکلامانە دەبیندرێن. هەروەها لەدونیای دەرەوەدا زۆرجار ئەم شێوە ریکلامانە بەکاردێت و دەبێتە هۆی سەرنج راکێشانی وەرگران.

**ریکلامی رووناکی گەورە :** ئەو جۆرە ریکلامانە لەشێوەی تاوەر، بەیەک روو یان دوو روو یان سێ روو دەردەکەون، زۆرجار بەریکلامی (Mega) وێنا دەکرێت. لەهەرێمی کوردستان ئەو جۆرە ریکلامانە دەبیندرێن و دەردەکەون و هەیە.

**ریکلامەکانی سەر باڵەخانەو قەدی باڵەخانەکان و ناوی سەر شۆپەکان:** لەوڵاتە پێشکەوتووەکانی دونیا ئەم شیوازی ریکلامکردنە زۆر کەم بۆتەوە، بەڵام کاتێک باڵەخانەیەک نۆژەن دەکرێتەوە، ئەوا بۆ جوانی سیماو بەدەرنەکەوتنی باڵەخانە تەواو نەکراوەکان، پەیکەری باڵەخانەکان بەریکلام دادەپۆشن، کە هەم دەبێتە جوانکردنی سیمای شارو هەم بۆ سەلامەتی هاووڵاتیان و هەم بۆ ئامانجەکانی ریکلام و دەستکەوتی ئابووری و برەودان بەبازار، گرنگە. هەروەها هەندێک جار ریکلامەکان لەسەر باڵەخانەکان دادەندرێن، ئەم جۆرە دیسان لەوڵاتانی دەرەوە بەتایبەتی وڵاتانی ئەوروپاو ئەمەریکا ئێجگار کەم بۆتەوە، بەڵام لەوڵاتە عەرەبییەکان هێشتا ئەم جۆرە ریکلامانە هەن و بەردەوامیان هەیە.

**هەشتەم: رەنگەکان**

زۆرجار سەرکەوتنی ریکلام لەدەرەنجامی بەکارهێنانی رەنگەکانە کە زیاددەکرێت لەبابەتی ریکلام، چونکە واقیعی و دواندنی سروشت سەرنجراکێشترە لەوەی کە بەتەنها رەنگی رەشوسپی بەکارهاتبێت. (احمد، 2005، ص104)

بەکارهێنانی رەنگەکان دەبێتەهۆی بەدەستهێنانی کۆمەڵێك ئامانجی ئەرکی و دەروونی کە لەم خاڵانەی خوارەوەیە: (علم الدین، 1990، ص208)

- دروستکردنی زانیارییەکی خێراو بەهێز پەیوەست بە ریکلامەکە.
- زیاترکردنی پلەی سەرنجراکێشان بۆ ریکلامەکە.
- سەرنجراکێشان بۆ بەشێکی دیاریکراو لە ریکلامەکە، یان رۆشنایی خستنەسەر رەگەزێکی دیاریکراوی پەیامی ریکلامەکە.
- بەدەرخستنی کاڵاو کەسەکان و دیمەنی جوان بەشێوەو رەنگی سروشتی.
- وروژاندن و بایەخدان بە ناوەرۆکی پەیامی ریکلامەکە.
- خەختکردنەوە لەسەر ناسینی و باشی کاڵاکە یان هێمای بازرگانی و روونکردنەوەو هاوکاری شوێنەکەی.
- دروستکردنی زانیاریەکی دیدەنی کە ببێتەهۆی زیاترکردنی توانای خوێندنەوە بۆ گەرانەوەی ریکلامەکە و بیرهێنانەوەی.
- دروستکردنی زانیاریەکی سمبولی لەدەرەنجامی گەیاندنی رەنگ و ئاراستە سۆزداری و ویژدانیەکان.

**5- لایەنی مەیدانی**

توێژەر بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی کە تایبەتە بە (ریکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر) رێبازی شیکاری لە رێگەی فۆرمی راپرسی گرتۆتە ئەستۆ کە یەکێکە لە رێبازە زانستیەکانی توێژینەوەی زانستی.

**یەکەم: پرسیارە تایبەتەکان**

خشتەی (1) رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| ژ | رەگەز | دووبارە بوونەوە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | نێر | 93 | %62 | یەکەم |
| 2 | مێ | 57 | %38 | دووەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |

بەپێی خشتەی (1) کە رەگەزی نموونەی توێژینەوەکە دیاریدەکات دەرکەوتووە کە رێژەی (62%)ی دەستنیشانکراوان لە رەگەزی (نێر)ن، وە بە پلەی یەکەم دێن، هەروەها بەرێژەی(38%)ی دەستنیشانکراوان لە رەگەزی (مێ)ن، وەبەپێی ریزبەندییەکە لە پلەی دووهەمدان، ئەم ریزبەندییە ئەوە دەردەخات کە رەگەزی مێ کەمتر بەشدارن (نموونەی توێژینەوەکە)، هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی لەناو قوتابیانی هەردوو کۆلێژ کەمتر رەگەزی (مێ) تێکەڵ دەبێت و بەشداری دەکات لە بەشداریکردنی لە پرکردنەوەکەدا.

خشتەی (1) قۆناغی قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکە دەردەخات

| قۆناغ | دووبارە بوونەوە | رەگەز | | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | | |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| یەکەم | 34 | 25 | 9 | 22.66 | دووەم |
| دووەم | 69 | 41 | 28 | 46 | یەکەم |
| سێیەم | 29 | 17 | 12 | 19.33 | سێ یەم |
| چوارەم | 18 | 10 | 8 | 12.1 | چوارەم |
| کۆی گشتی | 150 | 93 | 57 | % 100 | |

لەخشتەی (1) قۆناغی دەستنیشانکراوی هەردوو کۆلێژی (ئاداب و زمان)ی سەربە زانکۆی سەلاحەدین دیاریدەکات دەردەکەوێت قۆناغی دووەم بە پلەی یەکەم دێن و زۆرترین بەشداربووی سامپڵی توێژینەوەکەن و ڕێژەکەیان بریتیە لە 46% هەروەها قۆناغی یەکەم بەپلەی دووەم دێن و ڕێژەی 22.66% پێکدەهێنن، قۆناغی سێیەم بەپلەی سێیەم دێن و ڕێژەی 19.33.% و قۆناغی چوارەم بەپلەی چوارەم دێن و ڕێژەی 12.1.%. ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کە قۆناغی چوارەم لەبەر ئەوەی زیاتر خەریکی توێژینەوەی دەرچوونن کەمتر بەشداریان کردووە لە ڕاپرسیەکەدا.

خشتەی (3) شوێنی مانەوەی  سامپڵی توێژینەوەکە دەردەخات

| شوێنی مانەوە | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|
| ناو شار | 118 | %78.66 | یەکەم |
| دەرەوەی شار | 32 | %21.35 | دووەم |
| کۆی گشتی | 150 | % 100 | |

خشتەی (3)کە شوێنی مانەوەی سامپڵی توێژینەوەکە دیاری دەکات، ئەوە ڕوون دەبێتەوە ئەو قوتابییانەی کە لەناو شار نیشتەجێبوون بە پلەی یەکەم دێن 78.66% و، هەروەها ئەوانەی لە دەرەوەی شار نیشتەجێبوون بە ڕێژەی 21.35%.

خشتەی (4) سەیری ڕیکلامە هەڵواسراوەکان دەکەیت؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 97 | 64.66 | یەکەم |
| 2 | نەخێر | 53 | 35.34 | دووەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |

لە خشتەی (4) ئەوە دەردەکەوێت کە قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) ڕێژەی 64.66%سەیری ڕیکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر دەکەن و بەپلەی یەکەم دێن و ئەوانەش کە سەیری ڕیکلامە هەڵواسراوەکان ناکەن ڕێژەکەیان 35.34%و لە پلەی دووەم دێن.

خشتەی(5) ڕیکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر لە شوێنی شیاودا دانراون؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 106 | 70.66 | یەکەم |
| 2 | نەخێر | 44 | 29.34 | دووەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |

لە خشتەی (5) دەردەکەوێت کە قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە)کاتێك تەماشای ڕیکلامە هەڵواسراوەکان دەکەن دەتوانن بزانن شوێنەکە شیاوە یان نا، ئەوانەی کە دەڵێن بەڵێ ڕێژەکەیان بریتیە لە 70.66%و لە پلەی یەکەم دێن، و ئەوانەی بە نەخێر ڕێژەکەیان بریتیەلە 29.34% و بە پلەی دووەم دێن. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕیکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر چەند کۆمپانیایەکی پرۆفیشناڵ سەرپەرشتی دەکەن و لەلایەن شارەوانی هەولێرەوە شوێنی گونجاویان بۆ دیاریکراوە.

خشتەی (6) بەلای تۆوە چ کەسێك گرنگە لەناو  ڕیکلامە هەڵواسراوەکاندا هەبێت ؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە بوونەوە | ڕێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | هونەرمەند بێت | 23 | 15.33 | سێ یەم |
| 2 | کەسایەتیەکی ناودار | 32 | 21.33 | دووەم |
| 3 | کەسایەتیەکی وەرزشی | 60 | 40 | یەکەم |
| 4 | کەسێکی ئاسایی | 22 | 14.67 | چوارەم |
| 5 | هەرکەسێکی تر بێت | 13 | 8.67 | پێنجەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |

لە خشتەی (6) روون دەبێتەوە باشترین کەس بەلای قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) کە ریکلام بۆ کاڵاکان دابنرێت کەسایەتیەکی وەرزشی بەپلەی یەکەم و بەرێژەی 40%، هەروەها لە پلەی دوومیش کەسێکی ناوداربێ بۆ ریکلام کردن باشترین کەسە و بە رێژەی 21.33%، لەپلەی سێیەمیش کەسێکی هونەرمەند بۆ ریکلامکردن بەرێژەی 15.33%، لەپلەی چوارەمیشدا باشترین کەس کە ریکلام بکات بەبۆچونی کە قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) ئەوەیە کەسێکی ئاسایی دێت کە رێژەکەشی بریتیە لە 14.67% و بە پلەی پێنجەمیش هەرکەسێکی تر دێت بە رێژەی8.67 % . ئەمەش راستەوانە دەگونجێت لەگەڵ تەمەن و رەگەزی سامپڵی توێژینەوەکە .

خشتەی (7) بەزۆری سەیری کام جۆری ریکلامەکان دەکەیت؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە بوونەوە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | مادده خۆراکیەکان | 33 | 22 | سێ یەم |
| 2 | مۆبایل | 42 | 28 | دووەم |
| 3 | جوانکاری | 26 | 17.33 | چوارەم |
| 4 | کەرستەکانی پاکەرەوە | 7 | 4.47 | شەشەم |
| 5 | جل و بەرگ | 12 | 8 | پێنجەم |
| 6 | ئۆتۆمبێل | 50 | 33.33 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |

لە خشتەی (7) دەردەکەوێت لە33.33% ی قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) بە زۆری سەیری ئەو جۆرە ریکلامانە دەکەن کە بۆ ئۆتۆمبێل دەکرێت و لە پلەی یەکەم دێت، لە پلەی دووەمیش سەیری ئەو جۆرە ریکلامانە دەکەن کە بۆ مۆبایل دەکرێت بە رێژەی 28%، هەروەها بە رێژەی 22% ی قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) سەیری ئەو ریکلامان دەکەن کە بۆ مادده خۆراکییەکان دەکرێت کە پلەی سێیەمی بەردەکەوێت، پلەی چوارەمیش ئەو جۆرە کەرەستانە دەگرێتەوە کە بۆ جوانکاری بەکاردێت بە رێژەی 17.33% ئەو جۆرانەی کەریکلام بۆ جلوبەرگ دەکات لە 8%ی قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) سەیری دەکەن کە لە پلەی پێنجەم و ئەو جۆرانەی کەریکلام بۆ کەرەستەی پاککرەوە دەکات لە 4.47%ی قوتابیان سەیری دەکەن کە لە پلەی شەشەمدایە دایە.

خشتەی (10) لەرووی دیزاینەوە کام لە جۆری ریکلامە هەڵواسراوەکان زیاتر سەرنجراکێشترن؟

| ژ | گۆڕاو | دووبارە بوونەوە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ستونی | 33 | 22 | سێ یەم |
| 2 | ئاسۆیی | 71 | 47.33 | یەکەم |
| 3 | بەشێوەی روناکی | 41 | 27.33 | دووەم |
| 4 | بەشێوەی فۆنتی بارز | 5 | 3.33 | چوارەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |

لە خشتەی (10) دەردەکەوێت کە 47.33% ی قوتابیانی هەردوو کۆلێژ بە زۆری سەیری ئەو جۆرە ریکلامانە دەکەن کە بە شێوەیەکی ئاسۆیی دیزاین کراوە و لە پلەی یەکەم دێت، لە پلەی دووەمیش سەیری ئەو جۆرە ریکلامانە دەکەن کە بە شێوەی رووناکی و بە رێژەی 28%، هەروەها بە رێژەی 22% قوتابیان سەیری ئەو ریکلامان دەکەن کە بە شێوەی ستوونی کە پلەی سێیەم، و پلەی چوارەمیش ئەو جۆرە ئەو جۆرە ریکلامانە بەشێوەی فۆنتی بارز بە رێژەی 3.3% هـ .

خشتەی (6) تاچەند متمانەت بەریکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر هەیە؟

| ژمارە | وەڵام | دوبارەبوونەوە | رێژەی سەدی | پلە |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 40 | 26.66 | سێیەم |
| 2 | تارادەیەك | 45 | 30 | دووەم |
| 3 | نەخێر | 65 | 43.34 | یەکەم |
| کۆی گشتی | | 150 | % 100 | |
| لادانی پێوەری | | .53946 | | |
| ناوەندی ژمێری | | 1.4433 | | |

لەخشتەی (6) بۆمان دەردەکەوێت کە رێژەی (43.34%) متمانەیان بو ریکلامانە نیە کە لە شاری هەولێر هەڵواسراون ئەو رێژەیەش پلەبەندی یەکەمی وەرگرتوە، رێژەی (30%) ی بەشداربوان تارادەیەك متمانەیان بەو ریکلام انە هەیە و لەریزبەندی دووەم دێت، ئەو بەشداربوانەی متمانەشیان بەو ریکلام انەیە رێژەیان (26.66%)ی بەشداربوانی

راپرسیەكەیە و لەپلەی سێیەم خۆیان دەبیننەوە. وەلادانی پێوەری بریتییە لە (53946.)و ناوەندی ژمێریاریش بەرێژەی (1.4433) . بەپێی ئەم ئەنجامە زۆرترین ڕێژەی دەستنیشانكراوان متمانەت بەریكلامە هەڵواسراوەكانی شاری هەولێر هەیە

خشتەی (7) ریكلامە هەڵواسراوەكان بۆنەتە سەرچاوەیەك بۆناساندنی كاڵاكان؟

| ژمارە | وەڵام | دوبارەبوونەوە | **ڕێژەی سەدی** | **پلە** |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 39 | 26 | سێیەم |
| 2 | تارادەیەك | 42 | 28 | دووەم |
| 3 | نەخێر | 69 | 46 | یەكەم |
| كۆی گشتی | | 150 | % 100 | |
| لادانی پێوەری | | .50043 | | |
| ناوەندی ژمێری | | 1.4536 | | |

لەخشتەی (7) بۆمان دەردەكەوێت كە ڕێژەی (46%)ی هاوڵاتیان ریكلامە هەڵواسراوەكان نەبونەتە هۆی ناساندنی كاڵاكان ئەو ڕێژەیەش پلەبەندی یەكەمی وەرگرتوە، وە ڕێژەی (28%) ی بەشداربوان تارادەیەك و لەریزبەندی دووەم دێت، ئەو بەشداربوانەی بە بەڵێ دێن ڕێژەیان (26%)ی بەشداربوانی راپرسیەكەیە و لەپلەی سێیەم خۆیان دەبیننەوە. وەلادانی پێوەری بریتییە لە (50043.) و ناوەندی ژمێریاریش بەرێژەی (1.4536) . بەپێی ئەم ئەنجامە زۆرترین ڕێژەی دەستنیشانكراوان ریكلامە هەڵواسراوەكانی شاری هەولێر بۆنەتە سەرچاوەیەك بۆناساندنی كاڵاكان،

خشتەی (8) هیچ كاتێك بەبینینی ریكلامە هەڵواسراوەكان بریارت داوە بە كڕینی پێداویستییەكانت؟

| ژمارە | وەڵام | دوبارەبوونەوە | **ڕێژەی سەدی** | **پلە** |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 41 | 27.33 | سێیەم |
| 2 | تارادەیەك | 49 | 32.67 | دووەم |
| 3 | نەخێر | 60 | 40 | یەكەم |
| كۆی گشتی | | 150 | % 100 | |
| لادانی پێوەری | | .56246 | | |
| ناوەندی ژمێری | | 1.3608 | | |

لەخشتەی (8) بۆمان دەردەكەوێت بەرێژەی (40%) ی بەشداربوان بەبینینی ریكلام بریاری كرینی كاڵاكانیان نەداوە و لەپلەی یەكەمی ریزبەندی دێن، (32.67%یش تارادەیەك لەبەر بڵاوكردنەوەی ریكلام بریاری كرینی كاڵایان داوە و لەپلەی دووەمی ریزبەندیەكە دێت، وەبەرێژەی (27.33%) پێیانوایە ریكلام كاریگەری لەسەر بریاری ئەوان دەبێت بۆ كرینی كاڵاكان و دەیكرن. و لادانی پێوەری بریتییە لە (56246.) و ناوەندی ژمێریاریش بەرێژەی (1.3608) . بەپێی ئەم ئەنجامە زۆرترین ڕێژەی دەستنیشانكراوان بە بینینی ریكلامە هەڵواسراوەكانی لە شاری هەولێر بریار دەدەن بە كڕینی كاڵاو پێداویستییەكانیان،

خشتەی (9) ریكلام یەكێكە لەو ڕێگایانەی كە كۆمپانیا دەیگرێتەبەر بۆ ناساندن و برەودان بەبەرهەمەكانی.

| ژمارە | وەڵام | دوبارەبوونەوە | **ڕێژەی سەدی** | **پلە** |
|---|---|---|---|---|
| 1 | بەڵێ | 99 | %66 | یەكەم |
| 2 | تارادەیەك | 39 | %26 | دووەم |
| 3 | نەخێر | 12 | %8 | سێیەم |
| كۆی گشتی | | 150 | % 100 | |
| لادانی پێوەری | | .51980 | | |
| ناوەندی ژمێری | | 1.4433 | | |

لە خشتەی ژمارە (9)دا دەركەوتووە كە بەرێژەی (66%)ی دەستنیشانكراوان لە كۆمپانیاكان هەمیشە ریكلام بەكاردەهێنن لە برەودان و ناساندنی كاڵاو شتومەكەكانیان و بە پلەی یەكەم دێن، هەروەها بە پلەی دووەم كە تاڕادەیەك ریكلام بەكاردەهێنن ڕێژەی (39%)ی دەستنیشانكراوان پێكدەهێنن، لە پلەی سێهەمیشدا ئەو دەستنیشانكراوانەن كە بە نەخێر بە هیچ جۆرێك ریكلام بۆ پرۆژەكانیان ناكەن و ڕێژەی تەنها (8%)ی دەستنیشانكراوان پێكدەهێنن،وەلادانی پێوەری بریتییە لە (51980.) و ناوەندی ژمێریاریش بەرێژەی (1.4433)ە.

بەپێی ئەم ئەنجامە زۆرترین ڕێژەی دەستنیشانکراوان بەکارهێنانی ریکلام بە ڕەگەزێکی گرنگ دەزانن و بەکاریدەهێنن لە پرۆسەی بەبازاڕکردنی بەرهەمەکانیاندا، ریکلام بەدیارترین ڕەگەزەکانی ئاوێتەی برەوپێدان دادەنرێت و زۆربەی دامەزراوە هاوچەرخەکان لە بوارێکی بەرفراواندا بەکاریدەهێنن، بەجۆرێك کەبەدەگمەن پرۆسەی بەبازاڕکردن بەبێ ریکلام جێبەجێ دەبێت لەئێستادا، هەربۆیە گرنگیدان بەبابەتی ریکلامە هەڵواسراوەکان خاڵێکی گرنگ و بەبایەخە کەجێبەجێبکرێت لەپرۆسەی ساخکردنەوەی شتومەك و کاڵاکان.

## ئەنجامەکان

1. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە دەردەکەوێت، کە ڕێژەیەکی زۆری قوتابیانی هەردوو کۆلێژی (ئاداب و زمان) لە زانکۆی سەلاحەدین سەیری ریکلامە هەڵواسراوەکان دەکەن.
2. لەئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت، کە قوتابیانی (سامپڵی توێژینەوەکە) ریکلامە هەڵواسراوەکان نەبونەتە هۆی ڕاکیشانیان بۆ کڕینی کاڵاو شتومەکەکان.
3. ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوەی دەرخستووە، کە قوتابیان (سامپڵی توێژینەوەکە) زۆرجار باوەڕیان بەو ریکلامانە نیە کەلە شوێنە جۆربەجۆرەکانی شاردا بڵاودەکرێنەوە.
4. لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە ئەوە دەردەکەوێت کە قوتابیانی (سامپڵی توێژینەوەکە) پێیان باشە کە زیاتر ریکلامە هەڵواسراوەکان ئۆتۆمبێلی و کەسایەتییە وەرزشییەکانی تێدا بێت .

## پێشنیازەکان

1. پێشنیار دەکەم ریکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر لایەنی مرۆی زیاتر ڕەچاو بکەن
2. پێشنیار دەکەم ریکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر لە شوێنی گونجاوتردا دابنرێن.
3. پێشنیار دەکەم ریکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر تەنها چەند کۆمپانیایەك دەستی بەسەدا نەگرێت تاوەکو ببنە جێگەی متمانەی هاوڵاتیان و قوتابیانی زانکۆ.
4. پێشنیار دەکەم ریکلامە هەڵواسراوەکانی شاری هەولێر کوالیتی و دیزاینی ریکلامەکان بەرزتر بکەنەوە.
5. ئەو کەس و ناودارانە بەکاربهێنرێت کە لەناو تاکی کورددا خۆشەویستن.

## سەرچاوەکان


### یەکەم: پەرتووکە کوردییەکان

1. تۆماس ئیل ماکفیل:و. هەندرێن شێرزاد، (2015) ، میدیای نێودەوڵەتی، چ. شڤان.
2. حسن، غازی، هونەری ریکلام، (2011) چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر، چاپی دووەم، هەولێر.
3. محەمەد، بەهادین ئەحمەد، (2013) ریکلام و پەیوەندی گشتی و بازارکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم.
4. مەولود، سامان جەلال، (2019) ریکلام لە ڕاگەیاندنی کوردیدا، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

### دووەم: پەرتووکە عەرەبییەکان

1. أبورستم، رستم، محمد أبو جمعة، (2003) الدعاية والاعلان، مطبعة دار المعتز، عمان.
2. اسماك و اخرون، محمد ازهر سعيد، (1986) اصول البحث العلمي، بغداد، مطبعة جامعة صلاح الدين.
3. بدوى، عبدالرحمن، (2008) مناهج البحث العلمي، دار النهضة العربية، القاهرە.
4. صابات، خليل، (1969) الاعلان-تاريخه-اسسه و قواعده- فنونه و اخلاقياته، القاهيرة، مكتبة الانجلو المصرية.
5. طاهر، أحمد جمال، (1983) البحث العلمي، دار الفجر والنشر، ط3، عمان.
6. العالم، صفوت محمد، (1998) الاعلان الصحفي، القاهيرة.
7. العبدلي، سمير عبدالرزاق، (1993) الترويج و الاعلان، دار الكتب للطباعة والنشر،الموصل.
8. العبدلي، قحطان بدر، سمير عبدالرزاق العبدلي، (1996) الترويج والاعلان، ط3، مطبعة زهران للنشر والتوزيع، بغداد.
9. عجوة و آخرون، علي، (1991) مقدمة في وسائل الأتصال، مطبعة مكتبة مصباح، ط2، القاهرة.
10. عجوز، علي, (2006) مقديمة في العلاقات العامة، دار الرضا للنشر، بدون ذكر مكان النشر.
11. العدلي مرزوق عبد الحكم، (2004) الاعلانات الصحفية، دار الفجر للنشر والتوزيع، القاهرة.
12. الغالبي، طاهر محسن و أحمد شاكر العسكري، (2006) الأعلان، مطبعة دار وائل، ط2، عمان.
13. مصطفى، هويدا، (1999) الاعلان فى الانظمة الاذاعية المعاصرة، الدار الهجرية لبنانية.
14. منديل، عبدالجبار، (1973) الاعلان بين النظرية و التطبيق، مكتبة الوطنية، بغداد.

**سێیەم: توێژینەوەی ماستەر و دکتۆرا**

1- تێزی دکتۆرای (ظاهر حمدأمین صابر) لە کۆلێژی ئاداب – بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین بەناونیشانی (ڕیکلامی ئەلیکترۆنی لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ڕۆڵی لە هاندانی بڕیاری کڕین لای قوتابیانی زانکۆ) 2022.

2- توێژینەوەی (پەروا عمر محمود) و (هەردەوان محمود کاکەشێخ) لە گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین بڵاویانکردۆتەوە، بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئامرازەکانی میدیای نوێ لە بازاڕسازی بۆ کاڵا و خزمەتگوزاریەکان) 2021.

3- ماستەرنامەی (نەوشیروان فرج احمد) لە کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان - بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سلێمانی، بە ناونیشانی (ڕۆڵی تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان لە بازارگەری بۆ زیادکردنی فرۆشی کۆمپانیاکانی پەیوەندیکردن) ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر ئەنجامدراوە و توێژینەوەکە بڵاو نەکراوەتەوە 2021.

4- تێزی دکتۆرای (ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین) لە کۆلێژی ئاداب – بەشی ڕاگەیاندن لە زانکۆی سەلاحەدین بەناونیشانی (کاریگەریی نەخشەسازی و دەرهێنانی ڕۆژنامە کوردییەکان لەسەر خوێنەران توێژینەوەیەکی وەسفی و شیکارییە، ڕۆژنامەکانی (خەبات و کوردستانی نوێ) بەنموونە لەماوەی (2016/1/1 - 2017/12/31) ئەم توێژینەوەیە وەك بەشێك لە بەدەستهێنانی بڕوانامەی دکتۆرا ئەنجامدراوە و توێژینەوەکە بڵاو نەکراوەتەوە 2018

تأثير تصميم الإعلانات الموقوفة على الترويج للسلع والمنتجات في إقليم كوردستان
طلاب كلية الآداب واللغات بجامعة صلاح الدين أنموذجا



| ا.م. د. أكرم فريدون حمەامين | م.ى. سميع مصطفى حسن |
|---|---|
| قسم الاعلام – كولية الآداب – جامعة صلاح الدين - العراق | قسم الفلسه – كولية الآداب – جامعة صلاح الدين - العراق |
| akram.hamaamen@su.edu.krd | samih.hassan@su.edu.krd |




**ملخص**

تستند استنتاجات البحث إلى الحالة الراهنة للتطور كنتيجة لعوامل الاتصال والإعلام والتكنولوجيا والعلوم والمعلومات. نتيجة لهذا المطلب البشري ، تستمر في إنشاء لغات جديدة ومتخصصين وتخصصات متعمقة في العلوم. بعد الثورة الصناعية ، تم تطوير علم وفن تنظيمي جديد في الدول الأوروبية من قبل فنانين ونشطاء ، الذين قاموا بعد ذلك بنشر أعمالهم في مجالات الأعمال والصحافة. في المرحلة الحالية من الحياة ، يتم توفير القواعد لأحد العلوم الإنسانية ، لذلك تتم محاولة فحصها باستمرار. تتغير العلوم الإنسانية دائمًا ، والقواعد خارجة عن نفس الطريقة ، بصرف النظر عن كونها نوعًا جديدًا في مجال الإعلام.

في المرحلة الحالية من الحياة ، يُحسب الإعلان كعلم بشري ، لذلك يُحاول باستمرار استكشافه ، حيث تتغير العلوم الإنسانية باستمرار ، والقواعد خارجة عن نفس الطريقة، بصرف النظر عن كونها نوعًا جديدًا في المنطقة من وسائل الإعلام. نود أن نتعلم من خلال الدراسة التي نقوم بها أن قنوات الاتصال لها أسباب مختلفة لبيع السلع التي تسميها لأن القواعد لها ارتباط قوي بعلوم الأعمال والتنمية والإدارة والاتصال.

**المفردات الاساسية:** اثر ، اعلانات معلقة ، توعية ، كرد ، اربيل.


The consequences of developing suspended advertisements and their function in bringing good in Iraq's Kurdistan Region
Students at Salahadin University's College of Language and Literature, for example



| Dr. Akram Faraedon Hamamen | Samih Mustafa Hassan |
|---|---|
| Department of media - College of Arts - Salahaddin University – Iraq | Department of Philosophy- College of Arts - Salahaddin University – Iraq |
| akram.hamaamen@su.edu.krd | samih.hassan@su.edu.krd |